# لەپشت شەڕ و کێشەی تورکیاوە شەڕو مەترسی تریش لەئارادایە!

**کەمال رەئوف**

ئەمرۆ لە هەموکاتێك زیاتر حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە تیشك خستنە سەر تێروانین و ڕۆشنکردنەوەی هەڵوێستە سیاسیەکانیەتی, زۆر مەسەلەی گرنگ وچارەنوس ساز هەیە کە دەبوو تاکو ئێستا حکومەت هەڵوێستی دیاریکراو و ڕۆشنی لەسەریان هەبوایە, بەلاّم وا نەبووە, مەسەلەی بونی هێزەکانی پەکەکە وەك ئۆپۆزیسۆنی حکومەتی تورکی و بونی چەند هێزێکی ئۆپۆزیسۆنی کوردی ئێرانی لەژێر چەتری حکومەتی هەرێم دا, لەو کێشە هەرێمایەتیانەن کە دەبوو حکومەت لەو بارەوە هەڵوێست و تێروانینی ڕۆشنی هەبوایە , چونکە چیتر پێناچێت, نە خەڵکی هەرێم و نە لایەنە پەیوەندیدارەکانی کێشەی نێوان ئۆپۆزیسۆنی کوردی و حکومەتەکەکانی ناوچەکە لێ بگەرێن ,کە حکومەتی هەرێم ئاوا لەسەر چەند پەت یاری بکات و مەسەلەکان بە هەپەسێردراوی بهێڵێتەوە. بەدرێژایی شۆڕشەکانی کورد بەشێك لەو ململانێیەتی و کێبەرکێیانەی نێوان ئەو حکومەتانەی کە کێشەی کوردیان تیاداهەیە لەسەر ئەوە بوە کە گوایە لایەك کۆمەك و پشتیوانی لە ئۆپۆزیسۆنەکەی تر کردوە, سەرهەڵدانی کێشەی ئەم دواییانەی نێوان پەکەکەو حکومەتی تورکیاو هەرەشەی بەزاندنی سنوری هەرێم لەلایەن تورکیاوە, درێژبووەوەی هەمان کێشەیە بەهەندێك شتی تازەوە کە ئەمرۆ تارادەیەك تورکیای نارەحەت کردوە.

ئەمڕۆ تورکیا لەمەر بوونی بنکەکانی هێزی پەکەکە بە ڕۆشنی داوە لە حکومەت دەکات کە هێز بەکاربهێنی بۆ لێدان و دەرکردن و دەستگیرکردنی سەرکردەکانیان, ئەوەشی کردۆتە مەرجی پەیوەندی و دۆستایەتی نێوان خۆی و حکومەتی هەرێم, ئەم داوایە هێندە ڕۆشن و ئاشکرایە کە چیتر ئەو ئەرکەی لەکۆڵ کردوینەتەوە تابیر بکەینەوە تالە لوغزەکانی تێبگەین, هەر بۆیە پێویستی بەهیچ لێکدانەو شیکردنەوەیك ناکات, بەلاّم لایەنی بەرانبەر کە حکومەتی هەرێمە تا ئێستا لەو بارەوە قسەیەکی ڕۆشنی نییە و هەر جارەو هەڵوێستێك نیشان دەدات کە تا ئێستا بەو هەڵوێستانەیان نەیان توانیوە حکومەتی تورکی قانعی دانوستاندن و گفتوگۆکردنی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەو کێشەیە بکەن, هەڵوێستەکانی ئەم دواییانەی حکومەت وەك داخستنی بارەگاکانی پارتی چارەسەر و گەمارۆ خستنە سەر ناو چەکانی قەندیل, بەعەمەلی ئەو هەڵوێستانەیان نیشان داوە کە حکومەتی هەرێم بە قۆناغبەندی بەرەو ئەوە دەچێت و لەوە نزیك دەبێتەوە کە بەشێك لەداواکانی تورکیا لەمەڕ ئەو کێشەیە قبوڵ بکات, ئەم هەنگاوانەش سەرەتا تەنها بۆ ئەوەیە کە حکومەتی تورکی بەوە ڕازی بێت لەگەڵ حکومەتی هەرێم دانوستاند بکات, دیارە لەئاوا حاڵێکدا کە هێشتا هیچ جۆرە دانیشتنێکی فەرەمی لەو بارەوە نەکراوە و حکومەتی هەرێم چەند هەنگاو لە داواکانی تورکیا چوەتە پێشەوە , دەبێت ئەوە پێش بینی بکەین کەئەگەر دانیشتن و گفتۆکردنی ڕاستەو خۆ هاتە ئاراوە ئەوا بەدڵنیاییەوە حکومەتی هەرێم ئامادەیی دەبێت  بۆ نیشاندان و جێبەجێ کردنی چەندین تەنازولاتی تر بەقازانجی تورکیا, بەلاّم ئاشکرایە کە ئەو کاتەش حکومەتی هەرێم لەبەرانبەر هەرەشەو دەستێوەردانی تورکیا ڕزگاری نابێت و بەهانەو بیانوی تریش زۆرن وەك مەسەلەی ترکمانەکان و مادەی 140 کە حکومەتی تورکی بەدەستیەوە بگرێت بۆ دژایەتی کردنی حکومەتی هەرێم. . ڕەنگە تا ئێرە شتێکی تازە لەبارەی ئەو کێشەیەوە نەوترابێت, بەلاّم ئەگەر هات و کێشەکە بەقازانجی حکومەتی تورکیا شکایەوە ئەوا ئەو کاتە دەبێت حکومەتی هەرێم خۆی ئامادەکات بۆ جەولەیەکی تری کێبەرکێ لەگەڵ حکومەتی ئێران, چونکە تەنازولاتی حکومەتی هەرێم و سەرکەوتنی تورکیا هۆکارێکی جدی دەبێت لە هاندانی حکومەتی ئێران تاکو ئەویش لەبەرانبەر بونی بنکە و بارەگاکانی هێزی ئۆپۆزیسۆنی کوردیدا پێمان لێ بکات بەکەوشا و خواستێکی وەك ئەوەی تورکیا بۆ دەرکردن و فشار خستنە سەر هێزە نەیارەکانی خۆی فەرزبکات بەسەرماندا, کە بەدڵ نیاییەوە ئێران لەو بارەوە زۆر لە تورکیا بە ئەزمونتر و دەستکراوەترە, چونکە ئێران جگە لەشکرکێشی و گەمارۆی ئابوری , چەندین هۆکار تری بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی بتوانێت فشار لەسەر هەرێمی کوردستان وحکومەتی ناوەندی دروست بکات, لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ  ئەوکاتە دەبێت حکومەتی هەرێم چ هەڵوێستێکی هەبێت لەسەر ئەو ئۆپۆزیسۆنە کوردیانەی ئێران کە ئێستا بەرەزامەندیەوە باسیان لێدەکەن؟